سەرگی لاڤرۆف: سبەی ڤلادیمێر پوتن سەردانی چین دەکات

وەزیری دەرەوەی رووسیا سەرگی لاڤرۆف رایگەیاند، دەستپێشخەری ک□□بەندی "پشتێنە و رێگا"ـی چین پەیوەستە بە بەهێزکردنی هاریکارییەکان لە ئۆراسیا.

وەزیری دەرەوەی رووسیا سەرگی لاڤرۆف، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ هاوتا چینییەکەی "وانگ یی" لە پەکین گوتی: "ئەم پڕۆژەیە بە بەشێکی گرنگی بەهێزکردنی هاریکارییەکان لەسەر بنەمای یەکسانی و بەرژەوەندی هاوبەش لە سەرانسەری کیشوەری ئۆراسیا دەبینین".

ئاماژەی بەوەشدا، سەرۆکی رووسیا ڤلادیمێر پوتن و هاوتا چینییەکەی شی جینپینگ، لە میانەی سەردانەکەی پوتن بۆ پەکین گفتوگۆ لەسەر پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان دەکەن.

باسی لەوەشکرد، "ئەمە زۆر خۆشحاڵین بەوەی جارێکی دیکە لە پەکین دەبین، دەرفەتمان هەیە بۆ گەیشتنی سەرۆک پوتن بۆ چین، بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەسەر پەرەپێدانی کاروباری دوو لایەنە".

دەشڵێت: "پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە پەرەسەندندان و کاتێک سەرۆکەکان سبەینێ کۆدەبنەوە بە تەواوی باسی ئەو پەیوەندییانە دەکەین".